## تیپی مۆسیقای سلێمانی

## 41 ساڵی ئەزموونی هونەریی، خەرمانێک لە بەخشش وگەنجینەیەک لە داهێنان



ئەو کاتەی سلێمانی باڵای کردو تارای سووری پۆشی،ئەودەمەی شاخی رەنگاورەنگی گۆیژە بووە باعیسی کەیف و سروور،ناڵەی دەفێکی عیرفانی،کوچەوکۆڵانەکانی ئەم شارەی تەی دەکردو ئەوە نزای بوو " بای شەماڵ هەڵکات و لەگردەکەی یارەوە،گوڵاڵەسوورەی سەرەتای بەهار بکاتە دیاری دەستی".

لەقوژبنی کوچەیەکی تردا،خاچێکی بێنازی دەم بەئاواز لەزەنگی دا،یەکەم نۆتەی خستەسەر کورسییەکەی قوتابخانەی هیوا، فەرمووی بەیەک دەنگ لەگەڵمدا بخوێننەوە ( دۆ–رآ–می–فا).

وا دەهۆڵ و زوڕنایەکی بێلانەی سەرهەڵگرتوو گەیشتنە بەردەرکی سەرا،بەزمی (پۆستەوئیدارە)یان بۆ دڵخوازان ساز دا.

ئەودەمەی رۆژ دەگاتە ئێوارە،لەلای کارێزەکەی وەستا شەریفەوە،نەغمەکانی نالەومەلاو کارگەچی ورەشۆل وکابان ودیلان وشەماڵەکان ماندوێتی رۆژگاریان دەڕەواندەوەو دەروونە پڕ تینەکانیان فێنک دەکردەوە،لەشەویشدا شەوچەرەکانیان جۆشدەدا.

ئێستا لەرەی زاری ژێی کەمانێکە، هۆرە دەچڕێ عالەمێ سەرسام دەکا، لەژێر ئاسمانی شین و لەبەیانییەکی چۆلڕوسێبەردا،کوڕان لەیەکەم هەنگاویاندا نازی شەم و ست فاتیمەکانی ئەم شارە هەڵدەگرن ، هۆکچآ دەمەڕۆ ، خۆمن شێتی تۆم،مەرەنجآ مەڕۆ. هەر لێرەشدا ئاوازە نامۆکان چاوی غەریبی ، بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە رێی وێڵم ، هەڵدێنن. ئەوەتا هۆ برای کاروانچی بانگ ڕادەدێرآ ، کاروانمان کەوتۆتە رآ ، پەیامی ئەم عیشقە پیرۆزە ، بەنەوەکانی شێخ وپیرەمێرد دەسپێردرآ.دە وەرن ئەهلی عاشقان رووبکەنە ئەم هەوارە.

یاران وەسێت بآ ڕێچکەی دەروێشانی ئەم تەریقەتە ون نەکرێت .

هاوار سەد هاوار ،گەرمیان و کوێستان لەبیرنەکرآ،وا ئەسپێکی سپی یالڕسوور لەپێدەشتی کەرکوکەوە ئەحیلێنآ و بۆ ئێرە دآ.

گەلێک چرایش لەرێی ئەم خاکەدا بەکۆمەل مردن ، تیشکی یادیان خامۆش نەکرآ

وەیلێ ، وەیلێ ، وەیلێ، برینی مێژوومان زۆر بە سوێیە ، گەر دوو زامی لەشی باخێک دەست لە ملی ئازارەکانی یەک نەکەن ... دەسا گەلی برادەرینە هیمەتآ

با کۆڕمان بەجۆشتر ، گەرو وسینەمان بەسۆزتر ، ژێی سازمان بە نەغمەتر بآ.

هەتا سەدای ئاوازمان ڕەسەن بآ...باڵای هونەرمان بڵندتر ڕوومان گەشتر

ناسنامەمان ڕۆشنتر دەبێت .

## سلێمانی، بە مێژوو لاو بەڵام بە بیرو ئەندێشەو ئەدەب وهونەر بەپیت و پڕسامان .

لەسەرەتای ساڵانی ( 1950) وە بواری هونەری مۆسیقای کوردی بە تایبەتی لە سلێمانیدا بە هەولڕ وکۆششی چەند هونەرمەندێک قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە دی تا لەساڵانی شەستەکاندا زیاتر ئەو هەوڵانە چڕتر بووەوە کە بەچەند هەنگاوێکی پچڕپچڕ ِکارە هونەرییەکان لە بوارەکانی ئاهەنگە نەتەوایەتی وخێرخوایی و قوتابخانەکاندا ئەنجام دەدرا . هەر ئەو توانا هونەریانە بوون دواتر لە ساڵەکانی ( 1963 و 1964) بوونە هەوێنی تیپێک لە پێشدا بەناوی ( تیپی خۆشی وبەختیاری ) ودواتر بەناوی ( تیپی هیوا) وە چالاکییەکانیان ئەنجام دەداوچەند بەرهەمێکی هونەریشیان بۆ ئێزگەی بەغدا تۆمارکرد .

کاتێک لەساڵی 1967 (تیپی هونەری ڕەشیدی میللی) بەغدا ڕوودەکەنە سلێمانی بۆ سازدانی ئاهەنگێکی تایبەت، لەکاتی پرۆڤەدا توانا هونەرییەکانی لاوانی ئەم شارە دەبینن،داوایان لێدەکەن ماوەی (20)دەقیقە لەو ئاهەنگەتایبەتیەیاندا بەشداری بکەن کە لە هۆڵی سانەوی سلێمانی کوڕان پێشکەشیان کرد ، چەند هونەرمەندێکی مۆسیقی وگۆرانیبێژ بە مۆسیقا و گۆرانی بەشدار دەبن کە بەناوی (تیپی مۆسیقای سلێمانی)یەوە پێشکەشی دەکەن، بەرهەمەکانیان ئامادەبووان و میوانان سەرسام دەکات . هەر بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەتای دروست بوونی ئەم تیپە لەو ساڵەوە دەست پێدەکات و ئەم بەشداریەش دواتر دەبێتە هۆیەک بۆپتەوکردنی پەیوەندی نێوان هونەرمەندانی تیپ لەگەلڕ هونەرمەندانی بەغدا .

لە 1969/4/2لەگەلڕ هونەرمەندانی شانۆ یەک دەگرآ و(تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) دروست دەکرێت، بەهاوبەشی گەلێک چالاکی پێشکەش دەکرێت بەڵام لەبەر تایبەتمەندێتی هونەریی لەساڵی 1970دا جیادەبێتەوەو هەر لەو ساڵەدا داوایەک بەناوی هونەرمەندان (ئەنوەر قەرەداغی– ولیەم یوحەنا – فەرەیدون دارتاش – محەمەد ئەمین حسێن – فەرید عیسا) بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق بەرزدەکرێتەوە .

چالاکییەکانی ئەم تیپە رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبێت بەتایبەتی لەدوای دەرچوونی بەیاننامەی (11ی ئـــازاری 1970) بوارێکی باش دەرەخسآ بۆ پێشکەشکردنی چالاکییەکانی لەشارەکانی تری کوردستان، تا لە (1973/5/23 ) دا ئەم تیپە مۆڵەتی رەسمی پێدەدرآ .

لەساڵی 1969 دا کۆمەڵێک بەرهەم بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکات و بەشداری ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا دەکات و چەند ئاهەنگێک لە سلێمانی دەگێرێت. ساڵی 1973 کۆمەڵێک بەرهەم بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات.

ساڵی 1974 دا بەشداری یەکەم فێستڤاڵی هونەری کوردی لەبەغدا دەکات و لە نێوان سەرجەم تیپە مۆسیقییە بەشداربووەکانی کوردستاندا پلەی (ئیمتیاز) بەدەست دێنآ ، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆرشدا تیپ دەچێتە شاخ ولەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی تردا بەناوی (تیپی مۆسیقای شۆرش) چەندین سروودی نیشتمانی ومۆسیقاو گۆرانی تۆماردەکەن کە بەشاکارە هونەرییەکان ئەوتیپە دادەنرێت و تا ئێستاش بەسەرزاری هەمووانەوەیە.

ساڵی 1975 دوای شکستی شۆرش چەند ئەندامێکی تیپ بەفەرمانی رژێمی بەعس رەوانەی شارەکانی خوارووی عێراق دەکرێن بەڵام لەسەر چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت.

لەسلێمانی بەهەوڵ و دڵسۆزیی ئەندامانی ستۆدیۆی تایبەت بە تۆمارکردنی دەنگ دروست دەکات و دەست بە تۆمارکردن دەکات .چەند ئەندامێکی تیپ چەند تیپێکی مۆسیقای منداڵان دروست دەکەن ( تیپی مۆسیقای نەورۆز) بەسەرپەرشتی مامۆستا ( عوسمان محمەمەد ئەمین) و (تیپی مۆسیقای شێخ مەحمود ) بەسەرپەرشتی مامۆستا( دلێر ئیبراهیم) و(تیپی مۆسیقای پیرەمێرد) بەسەرپەرشتی مامۆستا (سەلاح رەئوف ) گەلێک بەرهەمی سەرکەوتوو تۆمار دەکەن ، لەدواتردا زۆربەی ئەندامانیان دەبنەوە بە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی .

لە ساڵی 1975 چەند ئاهەنگێک لە شاری سلێمانی وهەولێر دەگێرآ، لەساڵی 1976 چەند ئەندامێکی تر پەیوەندی بەتیپەوە دەکەن هەر ئەوساڵە چەند بەرهەمێک بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماردەکرێت. لەوانە گۆرانی ( یاران وەستێم، قەت نەدەی ئازاری گیانم) و چەند بەرهەمێکی تر.

لە ساڵی (1976و1977) لەهۆڵی (خالیدیە)ی شاری سلێمانی یادی رۆژی جیهانی مۆسیقا دەکاتەوە ، جگە لەچالاکی بۆنەو ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، دەست دەکات بەکاری تۆمارکردنی گۆرانی وەک بەرهەم لەسەر کاسێت دواتر لەتەلەفزیۆنی بەغدا لەساڵی 1978 بەرەنگاو رەنگ تۆماریان دەکات (خەنە بەندان، وەی وەی ..) ئەو بەرهەمانە یەکێکن لەوکۆمەڵە شاکارە هونەریانەی تیپ کە تا ئێستاش لە هزرو بیرو سەرزمانی کۆمەڵانی خەڵک داماوەو زیندووە .

لە ساڵانی (1978و1979 )لەشاری بەغداد بەشداری رۆژی جیهانی مۆسیقا دەکات.

چەند ئەندامێکی تیپ هاوکاری دروستکردنی تیپێکی مۆسیقای تایبەت بەکچان دەکەن کە سەر بە( ئامادەیی سلێمانی کچان)و بە سەرپەرشتی مامۆستایان ( ئەنوەر قەرەداغی– خالید سەرکار– فەرەیدون دارتاش) دەبێت و چەند بەرهەمێکیان بۆ تۆمار دەکەن.

زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم تیپە رۆڵی سەرەکی دەگێرن لە چالاکییە هونەرییەکانی چالاکی قوتابخانەکان و زانکۆی سلێمانی کە بەدرێژایی ساڵانی حەفتا ، بەردەوام پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەست دێنن.

بە دەست وپەنجەی مۆسیقییەکانی ئەم تیپە ، گەلێک ئاواز بۆ فیلم و شانۆییەکان و تابلۆ و ئۆپەرێت وکۆراڵە سەرکەوتووەکان دارێژراوە.

لە ساڵی 1982 و 1985کۆمەڵێک بەرهەمی تر بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار دەکات.

جێگای سەرنجە زۆرجار لەکاتی تۆمارکردندا لەناوستۆدیۆی تەلەفزیۆنەکانی بەغداو کەرکوکدا، گەلێک کاری هونەریی تۆمارکردن و مۆنتاج ودیکۆر و شتی تر هاتۆتە پێشەوە،بە لێوەشاوەیی ئەندامانی تیپ راست کراونەتەوەو ئەنجام دراون .

لە ساڵانی هەشتاوە تیپ و ئەندامانی دەکەونە ژێر فشاری رژێمی بەعس و زۆرربەیان تووشی ئازارو راونان دەبن تەنانەت کار دەگاتە هەرەشەی گرتن و کوشتن لە سەرۆک و ئەندامانی و جێبەجێش دەکرێن، زۆر لەئەندامانی تریش لەتاو زوڵم وستەمی رژێم ، روو لەشاخ دەکەن و وەک هونەرمەند و پێشمەرگە پەیوەندی بە (شۆرشی نوآ) وە دەکەن ، لەوێش لەگەلر ئەو بارو دۆخە سەختەدا

( تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ) دروست دەکەن کە زۆرینەیان لە ئەندمانی

(تیپی مۆسیقای سلێمانی ) بوون. چەند بەرهەمێکی کاسێتی و ئاهەنگ پێشکەش دەکەن کە لەو کاتەدا هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان.

تیپ بەبڕیارو بە چەند هۆیەک بۆ ماوەیەک چالاکیەکانی رادەگرێت تا خۆی بپارێزێت لە پیاهەڵدان و بەشداری کردن لە بۆنەکانی رژێم و رزگار بوون لەو فشارانەی بەردەوام خرابوونە سەر تیپ و ئەندامانی، بەڵام هەر بە نهێنی کارەکانی ئەنجام دەدا .

تیپ لەسەر ئەم هەڵوێستە نەتەوایەتیەی مایەوە تا لە راپەرینی 1991دا ئازادانە بواری بۆ رەخسایەوەو ژمارەو بەرهەمەکانی رووی لە گەشەسەندن کرد ، دەتوانین بڵێین لەوساوە تا ئێستا جگە لە تۆمارکراوو کارە تایبەتییەکانی تیپ ،بەشداری چەندین ساڵیادەکانی ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجە و فیستڤاڵی هونەری و بۆنەی نیشتمانی و نەتەوایەتی وبەرنامە هونەریەکانی کەناڵەکان ولایەنەکان لە ناوەوە ودەرەوەی هەرێم کردووە .

ماوەتەوە بڵێین لە سەروەرییەکانی تیپ، ئەو هەڵوێستە نەتەوایەتیەیەتی کە جگە لەوەی سەرجەم ئەندامانی گۆشکراوی بیری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتین، هەڵوێستی بەکۆمەڵی تیپیش لە بڕیارەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە

که هەمیشه فێرگەی راستەقینەی نەتەوایەتی بووە و هەرئەوەش بووە وای کردوە جێی سەرنجی نێگەتیفی پیاوانی ڕژێمی بەعس بێت .

لەلایەکی ترەوە فێرگەی داب و نەرێتی بەرزی کوردەواری بووەو ئامانجی بووە ناوی هونەرو هونەرمەندان بەرز و پیرۆز رابگرێت و کارێکی کردوە جێی متمانەی خانەوادەکانی ئەم شارە بێت و هاندەریان بێت هاوکاریی و بەشداری چالاکییەکانی بکەن لە ناوەوو و دەرەوەدا .

لە رووی هونەریشەوە بەڵگە نەویستە کاریگەریی تەواوی لە قۆناغە هونەرییەکاندا هەبێت .

لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە تا ئێستا مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەسەنایەتی ئامانجی سەرەکیی بووە وهەر لەو بوارەشدا گۆرانکاریی لەبەرچاوی خستۆتە گۆرەپانی هونەری مۆسیقای کوردی ، توانیویەتی زانستیانە مامەڵە لەگەڵ مۆسیقای کوردیدا بکات و گەڕاوە بەدوای گۆڕانکارییە هونەرییە ناوچەیی و جیهانییەکان ولەهەل ومەرجێکی واقعیدا کاری لەگەڵ ئەو ڕەسەنایەتییە کردووە ، هەر لەشێوازی ئاوازدانان ودابەشکردنی نوآ وبەنۆتەکردن وگونجاندنی ئامێری نوآ ودارشتن تا چەند کارێکی هونەری هاوچەرخی تر، ئەمانە جۆرێکن لەو هەوڵانەی دواتر بوونە شێوازێکی تایبەتی بۆ کارە هونەرییەکانی تیپ و بوونە ستایلێکی تایبەتی کەلە زۆر کاری تیپە مۆسیقییەکانی تری کوردستاندا رەنگ بداتەوەو بببێتە مایەی ئەوەی هونەری مۆسیقای کوردی سەداو ناوبانگێکی تری هەبێت لە کوردستان و ناوچەکەدا .

سەرباری ئەو هەوڵە هونەریانە (تیپی مۆسیقای سلێمانی) فێرگەیەکی بەردەوامی پێگەیاندن وبەدەرخستنی تواناو کادری هونەری نوێی پێشکەوتوو بووە لە هەردوو ڕەگەز کە ئێستا لە دیارترین هونەرمەندانی مۆسیقای کوردین ، ئەمەش بۆ خۆی سەرمایەیەکی نەتەوایەتی گەورەیە .

لەسەرەتای درووست بوونی تیپەوە بەسەرجەم ئەندامان وهاوکارانەوە زیاتر لە (200) هونەرمەند کاری تیا کردووە و لەناویاندا گەلێک هونەرمەندە ناودارەکانی کوردی تیادایە.

(تیپی مۆسیقای سلێمانی) سوودی بە زۆر لایەن گەیاندووە، هەمیشە هاوکاری لایەن ودەزگاو تیپە فەرمییەکان و کەسایەتییە هونەریەکان بووە بآ ئەوەی گوآ بداتە ئایدیایان،.

شایەنی باسکردنە ئەم تیپە لە مێژووی کارکردنیدا بە توانایەکی کەمی مادی و بە بەرهەم و ئەنجامێکی دەوڵەمەندەوە کارەکانی پێشکەشکردووە و زۆر جار لەسەر ماندوێتی وخۆبەخشی ئەندامانی کارەکانی بەرهەم هێناوە.

بە ئومێدی دیدار لە داگیرساندنی مۆمی تەمەنی (42)ساڵەیدا سەرکەوتووتر بێت بۆ پێشخستنی هونەری مۆسیقای کوردی و ناساندنی لە ئاستێکی جیهانی بەرزدا.

بە هیوای پشتگیری هەمووان.

تیپی مۆسیقای سلێمانی